# ڕەش بین و سپی بین

فاتمە عومەر ڕێشاوی

لە بەرنامەی تەوەر و گفت وگۆ ئەلقەی ئەم هەفتەیەدا گفت وگۆیەکی بەرامبەری گەرم وگوڕ لە نێوان ڕێبین هەردی ..و مەنگوریدا کرا.

هەروەك هەموو وەختێ لای ئێمە باو بووە, هەرکەس دوو ووتە ڕەخنەی ووت بێ بە ڕەش بین و نا واقع ڕوو بە رووی دەبنەوە. لەو گفت گۆیەشدا کاك (ڕێ بین ) بە ( ڕەش بین ) لەقەلەم درا و ئەوانی تریش بە سپی بین .....

لێرەوە دەلێم کاك ڕێبین هەر وا بە ڕەش بینی!! بمێنەرەوە. چونکە ئەگەر دوو ڕەش بینی وەك تۆ نەبێ سپیبینەکان دنیا داگیر ئەکەن و هەر بە تەمای چەپلە و ئافەرینیشن.

سەیر نیە کاك ڕێبین تۆ دەبیتە ڕەش بین, چونکە زۆربەی کۆمەلگەی ئێمە پێش ئەوەی هیچ میکانزمێکی هیچ بڕیارێك ببینن جێبەجێ بکرێ, لە هەموو لایەکەوە ئافەرین و دەستخۆشی و مەمنوونی بە خوڕ دەبارێ ..

سپیبینەکان!! دەلێن کاك ڕێبین هەر تۆ و ڕۆشنبیران خۆتان داواتان نەکرد ئەو ئیدارەیە یەك بگرێتەوە, ئێستە بۆ پەشیمان بوونەوە ؟_ دیارە ئەمە لای کەسانێك, کە بە سادەییی لە دیاردە و بابەتەکان دەڕوانن . سەیر و سەمەرەیە .

بەلام لای کەسانێك کە ووردتر و قولتر لە دیاردەکان دەڕوانن, سەیر نیە. ئەوان پێیان وایە( جیایی دوو ئیدارە بە درێژاییی 15 سال و شەڕ و توند تیژی سالە های سال نێوان ئەو حیزبانە ) چۆن بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ ڕێکخراو و ڕێکەوتن ؟!! کە ئەوەندە ئاسان بوو چەند سالە بۆ ئەو کاتەیان نەبوو ؟ بۆ بەزەییان بە وولاتێکدا نەهاتەوە کە خۆی کراوە بەچوار بەشەوە . ئەوانیش بەشێکیان کردوە بە دوو بەشەوە ؟!

یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە بە قبولکردنی ڕەخنە لەیەکتر و لێپێچینەوەی یەکتر و سەروەری یاسا و پەرلەمانێکی چاودێر و بەهێز و واز هێنان لە بیری حەزی دەسەلات و عەشایەرگەری دەبێ. ئەگەر ئەوانە بێنە دی یەکگرتنەوە ئۆتۆماتیك ئەبێ . بەلام یەك دوو دانیشتن و کۆبوونەوەی دوو حیزب, ئەوە تەنها کارێکی ڕۆتینە.

خۆ بە خەیالی ئەم حیزبانە , مادەم برێ کار و دەسکەوتیان بۆ خەلك ئەنجام هێناوە ! ئیتر ڕەخنە نایانگرێتەوە. باشە بۆ دەبێ لە ئەورووپا بە هەموو ئەو دەسکەوتانەوە پرۆسەی ڕەخنە و کێشمە کێش هەر بەهێز بێ . بۆ لای ئێمە ڕەخنە گر ڕەش بینە؟! .

ئێمە دەبێ باش لەوە بگەین ڕەخنە گرتن مانای ئەوە نیە کە ڕاست و چەپ هێنانە بەسەر ئەو هەلو مەرج و دەستکەوتانەدا . ڕەخنە لە هەموو کاتێکدا پێویستە, با بشگەیتە لوتکەی بەرزی کێوی دیموکراسی. کە ئێمە هێشتا لە بناری ئەو کێوەداین.

بۆ خەلکی کوردستان دەبێ باجی جیابوونی ئەوان بدا. بەلام لە پرۆسەی ڕێکخستن و یەکگرتنەوە مافی بەشدار بوونیان نەبێ تەنانەت ئەو ڕۆشنبیرانەی کە هەمیشە هاواری یەکگرتنەوەیان ئەکرد , مافی بینین و بەشداری کۆڕ وکۆبوونەوەکان – کە بۆ ئەم مەبەستە ساز کرا _ نەبێ

با واز لەوە بێنین, من لەوە دەترسم دیسانەوە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە داوای ئەوە بکرێ کە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خەلکی لێ ئاگادار بکرێ و لە میدیاکانەوە ببینرێ و ئەم داوایایەش جێ بەجێ بکرێ و لە ناکاودا یەکێك لەو ڕۆشنبیرانە بێت و بلێ نامانەوێ بلاوی مەکەنەوە!!. ئەم ترسەم کە هەیە لەوەوە دێ با ئەم داوایە داوایەکی ڕەواش بێ بەلام کە پەرلەمان هەر ئەو پەرلەمانە بێ لەم بارەی ئێستاییدا بەڕاستی جێی شانازی نیە ببینرێ. وا تێدەگەم بینین و نەبینینی لەمیدیاکانەوە وەك یەکە چونکە ئەوە کەی کۆبونەوەی پەرلەمانە؟ ئەوە کۆبوونەوەی چەند کەسانێکە بۆ مەدح کردن و موجامەلە کردنی یەکتر و دەنگدانی تێکڕایی و لە سەدا سەد و چە پلە ڕێزان کۆبوونەتەوە ؟

کۆبوونەوەی پەرلەمانی _خوا پێداوەکان _ بۆ خستنە ڕووی هەزارەها کێشەی کۆمەلگە و گفتوگۆ لێکردنی و کێشمەکێش لەسەری و لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەردا یە و هەروەها جێگا و ئالیەتی ڕەخنە گرتنە هەر لەسەرۆکی وولاتەوە تا سکرتێرێك .

من پێم وایە گرفتەکە لە خەلکدایە, لە کۆمەلگەدایە.

ئەگەر لایەنگرانی پارتەکان یان جەماوەر هۆشیار و زیندوو بن ئەوە پەرلەمانیش زیندوو چالاك دەبێ و هەموو ئەو کارانە بەو شێوەیە بۆ ئەو پارتانە ناچێتە سەر .

ئەگەر هەموو ئەو خەباتکار و کورد پەروەرانە!! بە خۆشەویستی و برایەتی گۆش بکرانایە, شەڕی برا کوژی دووبارە و سێ بارە نەدەبوویەوە.

ئەگەر خەلکی ئێمە ڕێز وکەرامەتی خۆی لابێ, ڕازی نابێ بەوەی سەرکردەکانیان –ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ– کارێکیان پێ بکەن و دواییش ئیدانەی کارەکەیان بکەن !!.

لەگەل ڕێزم بۆ هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەلگەیە بەلام ئەمە ڕاستیەکە و دەبێ دانی پێدا بنرێ . هەتا جۆری بیرکردنەوە و کەلتوور نەگۆڕێ, ئەقلیەتی سیاسەتمەدار و سەرکردە و پارتەکان ناگۆڕێن و بەرەو بە مرۆڤ بوون و دیموکراسەت ناچێ .

شەڕی یەکێتی و پارتی, بزوتنەوە و یەکێتی . لێدانی یەکگرتوو هەر هەمووی کۆمەلێك ڕق و کینە و حەزی تۆلە و تورەیی و گرژی لەسەر یەك کەلەکە کردووە لە نێوان ئەندام ولایەنگرەکانیان , و لە لاشەوە بە سەردان و عوزر هێنانەوە و مەدح کردن و دانشتنی سەرکردەکان ڕاستیەکان و تاوانباران پەردە پۆش دەکرێن.

ڕاستە هێور کردنەوەی بارەکە پێویستە بەلام خۆ نابێ خۆیان ئاشت بنەوە و گوێ بەو هەموو بارە کۆمەلایەتی و دەروونیە نێگتیڤانە نەدەن کە لە نێوان جەماوەرەدا دروست بوە .

لە وولاتانی دیموکراسیدا سەرکردایەتیەکان شەڕ دەکەن و لایەنگرەکانیان و خەلکی تر ئاسوودەیی و هێمنی لە نێوانیاندا چەسپاوە . بەلام لای ئێمە بە پێچەوانەوەیە. سەرکردەکانمان هەمیشە بە بالای یەکتردا دەخوێنن و خەلکیش خوێنی یەکتر دەکەنە کاسەوە. ئەمەیە گەندەلی گەندەلیەکان .